# لە پەراوێزی عەشقێکی ئەزەلیدا



سـارد ین ـ سـو ید
sardeen1997@hotmail.com

هۆما دڵەکەمە.....

عەیامێك بوو هۆبەو هەواری ئەم دڵە

پڕ ئەوینەم پەرێزە جارێکی وشك هەڵگەڕابوو

دڵی پڕ ژیلەمۆی ئەوینیشم تامەزرۆی

عەشقێکی ئەزەلی بوو .........

هۆما گلێنەی هەردوو چاوەکەم.......

زۆر درەنگ هاتیت ئەی چۆن وازوو خەمەکانت

ئاشنای خەمەکانم بوون.........

ئێ ئەوە نیە منیش لەبەردەم پەرستگای

ئەو عەشقە پەمەیەدا هەر دەپە نجەکەم بۆت

کردووە بەچەپکێ مۆم و دڵیشم هێدی هێدی

لەبەردەم تەنها یەك نیگاتا دەتوێتەوەو روحیشم

لەگۆڕستانێکی بێ ناونیشاندا پرسە بۆ ئەو

هەموو ساڵەی تەمەنی دەگێڕێ کەتۆی تیا ئاشنا نەبوی

هۆما ئەو شەوەی بۆ یەکەم جار مەڵۆی قژە قاوەیەکەت

شۆڕبوونەوە بەسەر شان وملی لاوازمدا

لەو کاتەوە تا ئێستا شە پۆلی بۆنی

قژت جەستەم بەجێ ناهێڵێ..